# ئاگادارینامەی تایبەتمەندی بۆ خزمەتگوزاری کاری سۆشیاڵ بۆ خەڵکانی دەرەوەی وڵات

1. بۆچی دەبێت ئەم زانیارییە بزانم؟

ئەنجومەنی شارەوانی نۆرفۆك (ئەنجومەنی شارەوانی) زانیارییە کەسییەکانت بەکاردێنێ بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ تۆ وەك کۆچبەرێك، پەنابەرێك یان کەسێك کە لە دەرەوەی بەریتانیاوە گەیشتوتە بەریتانیا.. وشەی 'بەکارهێنان' مانای ئەوەیە کە ئەنجومەنی شارەوانی کار بە زانیارییەکانی دەربارەی تۆ دەکات، کۆگای دەکات و هاوبەشی پێ دەکات.

2. ئێمە کێین

ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکە "کۆنترۆڵکەری داتا و زانیارییەکانە" بۆ زانیارییە کەسییەکانی کە ئێمە هەڵیان دەگرین. ئەمە مانای ئەوەیە کە ئێمە بەرپرسیارین لە بڕیاردان لەسەر ئەوەی چۆن "مامەڵە بکەین" (کۆکردنەوە، هەڵگرتن، بەکارهێنان و ئاشکراکردن)ی زانیارییە کەسییەکانت.

ناونیشانی ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکە بریتیە لە ئەنجومەنی شارەوانی نۆرفۆك Norfolk County Council, County Hall, Martineau Lane, Norwich NR1 2UA.

کارمەندی پاراستنی داتاکان لە ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکە (DPO) بریتیە لە هێلین ئەدواردس Helen Edwards

3. کێ ئەم زانیارییانە پێشکەش دەکات

ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکە زانیارییەکان وەردەگرێت لە:

- خۆت و خێزانەکەت
- هەرکەسێك کە تۆ ناویت دیاریکردوە یان ئاماژەت پێداوە کە لەجیاتی تۆ کارت بۆ دەکات
- سەرپەرشتکاران و هاریکەرە کەسییەکانت
- تیمە پەیوەندیدارەکان لەناو ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکە
- دامەزراوە تەندروستیەکان و دابینکەرەکان لەوانەش پزیشکی گشتیی خۆجێی، نەخۆشخانەکان، دەزگای تەندروستی دەروونی، دەزگای کۆمیونیتی تەندروستی و چاودێری، وە خزمەتگوزاریی ئەمبولانس
- ڕێکخراوەکانی تەندروستی و خۆشگوزەرانی لە وڵاتانی تر
- ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکان وەك فەرمانگەکانی نیشتەجێکردن و خانووبەرە وە فەرمانگەکانی پێدانی بەنەفێتی خانووبەرە و بەنەفێتەکانی پشتگیریی ئەنجومەنی شارەوانی
- کۆمەڵەکانی خانووبەرە و نیشتەجێکردن و دابینکەرانی هاوکاری خانووبەرە
- دابینکەرانی پەروەردە و خوێندن لەوانەش دابینکەرانی قوتابخانەکان، کۆلێژەکانی قۆناغی 6ـەم، کۆلێژەکانی خوێندنی باڵا و خوێندنی دوای تەمەنی 16 ساڵی
- فەرمانگەکانی حکومەت (بۆ نموونە فەرمانگەی کار و خانەنشینی، فەرمانگەی تەندروستی، هۆم ئۆفیس)
- دادگاکان و ئاژانسەکانی تری دادوەری لەوانەش ئۆفیسی پارێزگاریکردنی گشتی و پاراستنی دادگا
- ڕاوێژکارانی پەنابەری
- تیمەکانی مادە هۆشبەرەکان
- پۆلیس
- خزمەتگوزاری چاودێریکردن واتا پرۆبەیشن
- ئەو ڕێکخراوانەی سەرپەرشتی و هاودێری دابین دەکەن، وەکو ئاژانسەکانی سەرپەرشتیکردن لە ماڵەوە، خانەی سەرپەرشتی، خانەی پەرستاران
- گروپەکانی خۆبەخش، ڕێکخراوە خێرخوازیەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان (NGOs)
- کۆمسیۆنی باڵای پەنابەران لە نەتەوە یەکگرتووەکان

## 4. ئایا چی زانیارییەك كۆدەكەینەوە و بەكاردێنین دەربارەی تۆ؟

جۆرەكانی داتا و زانیاری كە ئەنجومەنی شارەوانی دەربارەی تۆ ڕەنگە بەدەستی بگات بریتین لە:

- وردەكارییەكانی زانیاریی كەسی و پەیوەندی پێوەكردن دەربارەی تۆ وەكو ناو، ڕەگەز، ناونیشان، ژمارەی تەلەفۆن، ناونیشانی ئیمەیل و بەرواری لەدایكبوون
- ژمارەی ئینشورانسی نیشتمانی
- ژمارەی خزمەتگوزاری NHS (ئەگەر گونجاو بێت) چونكە یارمەتی دەدات بۆ ناسینەوەی بێ هاوتایانەی تۆ كاتێك كە زانیارییەكان هاوبەشی پێدەكرێت لەنێوان چاودێری تەندروستی و چاودێری سۆشیاڵ
- باری پەنابەری و مێژووی بەسەرهات
- وردەكارییەكانی دەربارەی ئەو زمانەی تێیدەگەیت و پێویستیەكانی گەیاندن و گواستنەوە
- خزمەتگوزارییەكانی چاودێری سۆشیاڵ و هاوكاریكردن لەوانەش هەڵسەنگاندنەكانی چاودێری سۆشیاڵ، هەڵسەنگاندنەكانی تەندروستیی دەروونی، پلانەكانی پێداچوونەوە و هاوكاری و سەرپەرشتی
- مێژووی كەسی لەوانەش مێژووی تایبەت بە خوێندن و كاركردن
- مێژووی خێزان و پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكان بە گشتی لەوانەش زانیارییەكانی پەیوەندیی خزمایەتی وەكو كەسوكار، نوێنەر، بریكار و زانیاریی تر كە پێویست بێت
- پێویستیەكانی خانووبەرە و نیشتەجێكردن
- وردەكارییەكانی دارایی ئەگەر پێویست بێت لەوانەش داهات و وردەكارییەكانی خاوەنداریی موڵك
- مامەڵەكردن لەگەڵ ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەكە لەوانەش منداڵێكی خاوەن پێداویست، منداڵێكی ژێر سەرپەرشتی – لەوانەش بەخێوكردن و سەرپەرشتیی نیشتەجێبوون، منداڵ هەڵگرتنەوە و جێهێشتنی سەرپەرشتی

هەروەها ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەكە واتا كاونسڵ داتاو زانیاری دەربارەی تۆ كۆدەكاتەوەكە بریتین لە:

- ڕەچەڵەك و نەتەوە
- ئایین و بیروباوەڕ
- داتای تەندروستی و پشكنینەكان لەوانەش هەر كەمئەندامییەك و حاڵەتی پزیشكی.

ئەم زانیارییە پۆلێنكراوە وەك "داتای جۆری تایبەت" بەپێی ڕێسای پاراستنی داتای گشتی (GDPR). ئێمە ڕەنگە تەنها ئەم داتایانە كۆبكەینەوە كاتێك كە پەیوەندیدار بن و بۆ ئەو مەبەستەی لەسەرەوە باسكراوە.

ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەكە هەروەها ئەو زانیارییانە كۆدەكاتەوە كە سەبارەت بە تاوانكاری و سەرپێچی كردنن.

ڕێسای پاراستنی داتای گشتی GDPR ڕێكارەكانی پارێزگاریكردن لەخۆدەگرێت بۆ پاراستنی بەكارهێنانی داتاكانی جۆری تایبەتی تۆ وە داتاكانی تاوانباركردن بە تاوان. وردەكاریی زیاتر دەتوانرێت بدۆزرێتەوە لەسەر ماڵپەڕەكەمان لە بەڵگەنامەیەك بەناوی '<u>سیاسەتی داتای جۆری تایبەت و داتای سەرپێچی تاوانكاری</u>' كە پرۆسەكەما دیاری دەكات بۆ پاندبوون بە پرەنسیپ و بنەماكانی ڕێسای پاراستنی داتای گشتی GDPR و پاراستن و دڵنیابوون لەو زانیاریانە.

## 5. ئێمە زانیارییە كەسییەكانت بۆچی بەكاردەهێنین؟

ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەكە زانیارییە كەسییەكانت بەكاردەهێنێت بۆ ئەوەی:

- هەڵسەنگاندنەكانی كاری سۆشیاڵ ئەنجام بدات بۆ بڕیاردان لەسەر پێویستیەكانت بۆ خزمەتگوزارییەكان
- خزمەتگوزارییەكانی كاری سۆشیاڵ پێشكەش بكات بۆ یارمەتیدانت بۆ خۆت دابمەزرێنیتەوە و سەقامگیر بیتەوە لەناو بەریتانیا، یان بۆ یارمەتیدانت لە هاوكاریكردنت لەكاتەی یارمەتیت دەدەین بۆ چارەسەركردنی بارودۆخەكەت یان بۆ گەڕاندنەوەت بۆ وڵاتی خۆت ئەگەر تۆ بڕیار بدەیت كە ئەو كارە بە ئارەزووی خۆت بتەوێت بیكەیت
- هەڵسەنگاندنەكانی مافی مرۆڤ ئەنجام بدات ئەگەر تۆ كارت تێكرابێت بە خشتەی 3ی یاسای وڵاتنامە پەنابەری و داواكاریی پەنابەری ساڵی 2002

- هاوکاری پێشکەش بکات بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی خێزانی کە بەهۆی باری پەنابەرییەکەت تۆ ناتوانیت دەستت بگات بە بەنەفێتە ئاساییەکانی خۆشگوزەرانی یان سیستەمی هاریکاری بێلانە و بێ ماڵی

ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکە هەروەها ئەم زانیارییە بەکاردەهێنێت بۆ ڕێگریکردن، پشکنین و لێکۆڵینەوەی ساختەکاری، بۆ هەڵسەنگاندنی جۆر و کوالیتی خزمەتگوزارییەکانمان و نرخاندن و باشترکردنی سیاسەتەکان و ڕێکارەکان.

ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکە ڕەنگە هەروەها زانیارییەکان بەکاربهێنێت بە ڕێگای تر کە گونجاو بێت لەگەڵ ئەوەی سەرەوە. لە سەرەتا ئەمە هاوکاریکردنی کاری فەرمانگە حکومیەکانی تر لەخۆ دەگرێت کە خزمەتگوزارییەکان پێشکەش دەکەن بە کۆچبەران و پەنابەران. وردەکاری زیاتر دەربارەی خزمەتگوزارییەکانمان لەسەر ماڵپەڕی ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکە بەردەستە لە ماڵپەڕی https://www.norfolk.gov.uk/children-and-families

6. ئایا یاسا چۆن تۆ دەپارێزێت و ئایا بنچینە یاساییەکان چین بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکانت؟

ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکە هۆکار و بنەمای یاسایی لەبەردەستە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم زانیاریانە بەبێ ڕەزامەندی دیاریکراوی تۆ چونکە ئەوە پێویستە بۆ ئەنجامدانی ئەرکێك لە بەرژەوەندی گشتیدا بێت.

ئەرکەکان ئەنجام دەدرێن بەپێی:

- یاسای وڵاتنامە پەنابەری و داواکاری پەنابەریساڵی 2002. خشتەی 3 (پەرەگرافی 14) ی ئەم یاسایە داوا لە فەرمانگەی خۆجێی دەکات بۆ ئاگادارکردنەوەی هۆم ئۆفیس دەربارەی کەسێك کە ببێتە جێگای سەرنجی ئەوان کە ئەو کەسە
  (a) بەشێوەیەکی نایاسایی لەناو بەریتانیا بێت، یان
  (b) داواکارێکی پەنابەری کە داواکەی سەرکەوتوو نەبوە و پابەند نەبێت بە ئاراستەکانی ناردنەوەی بۆ وڵاتەکەی
- یاسای منداڵانی ساڵی 1989
- یاسای(جێهێشتنی سەرپەرشتی)ی منداڵانی ساڵی 2000
- یاسای هەڵگرتنەوە و منداڵانی ساڵی 2000 وە ڕێسا پەیوەندیدارەکان
- یاسای سەرپەرشتی منداڵی ساڵی 2006
- یاسای منداڵان و خێزانی ساڵی 2014، وە
- یاسای منداڵان و کاری سۆشیاڵی ساڵی 2017
- یاسای گواستنەوەی ساڵی 1985
- یاسای سەرپەرشتیی ساڵی 2014
- یاسای تەندروستی دەروونی ساڵی 1983 وە ساڵی 2007
- یاسای توانای دەروونی ساڵی 2005
- یاسای بەخششەکانی بنیادنان و نۆژەنکردنەوەی خانووبەرەی ساڵی 1996
- یاسای وڵاتنامە پەنابەری و داواکاریی پەنابەری ساڵی 2002

ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکە هۆکار و بنەمای یاسایی لەبەردەستە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ داتای جۆری تایبەت کە لە شوێنێك پێویست بێت بۆ هۆکارەکانی بەرژەوەندی گشتیی هەستپێکراو و بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکە گشتیەکەمان کە لە پەرەگرافەکەی سەرەوە نووسراوە.

7. ئایا ئێمە ڕەنگە زانیارییە کەسییەکانت لەگەڵ کێ هاوبەشی پێ بکەین؟

ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکە زانیارییە کەسییەکانت هاوبەشی پێدەکات لەگەڵ::

- تیمەکانی ناو ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکە بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکانمان بۆ تۆ
- ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکان وەك فەرمانگەکانی نیشتەجێکردن و خانووبەرە وە فەرمانگەکانی پێدانی بەنەفێتی خانووبەرە و بەنەفێتەکانی پشتگیریی ئەنجومەنی شارەوانی
- کۆمەڵەکانی خانووبەرە و نیشتەجێکردن و دابینکەرانی هاوکاری خانووبەرە

- کەرتی خۆبەخشانە
- فەرمانگەکانی حکومەت (بۆ نموونە فەرمانگەی کار و خانەنشینی، فەرمانگەی تەندروستی، هۆم ئۆفیس)
- دامەزراوە تەندروستیەکان و دابینکەرەکان لەوانەش پزیشکی گشتیی خۆجێی، نەخۆشخانەکان، دەزگای تەندروستی دەروونی، دەزگای کۆمیونیتی تەندروستی و چاودێری
- فەرمانگەکانی خانووبەرە و دابینکەرانی هاوکاریی خانووبەرە
- ئەنجومەنە خۆجێیەکانی شارەوانی تر
- دابینکەرانی پەروەردە و خوێندن لەوانەش دابینکەرانی قوتابخانەکان، کۆلێژەکانی قۆناغی 6ـەم، کۆلێژەکانی خوێندنی باڵا و خوێندنی دوای تەمەنی 16 ساڵی
- پۆلیس
- بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە (DfE) سەبارەت بە منداڵانی خاوەن پێداویست و منداڵانی ژێر سەرپەرشتی بۆ یارمەتیدانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە (DfE) بۆ پەرەپێدانی سیاسەتە نیشتمانیەکان، ڕێکخستنی کارەکانی فەرمانگەی خۆجێی، بەڕێوەبردن و تەرخان کردنی کۆمەکی دارایی و دیاریکردن و هاندانی ئەنجامدانی کاری باش
- ئاژانسەکانی مادەی هۆشبەر
- خزمەتگوزارییەکانی مافناسی
- دادگاکان و ئاژانسەکانی تری دادوەری لەوانەش ئۆفیسی پارێزگاریکردنی گشتی و پاراستنی دادگا
- دابینکەران و هاوردەکارانی کەلوپەل
- بەڵێندەرە پەسندکراوەکانی بنیادنان
- ڕێکخراوەکانی ڕێگەپێدراون بۆ پێشکەش کردن و دابینکردنی سەرپەرشتی و هاوکاری، وەکو ئاژانسەکانی سەرپەرشتی لە ماڵەوە یان خانەی سەرپەرشتی
- دەستەی پارێزگاریکردن لە گەوران
- خزمەتگوزاری NHS و ئاژانسەکانی تری تەندروستی
- دەستەی پارێزگاریکردنی منداڵانی نۆرفۆك
- ئاژانسە خۆبەخشەکانی کە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن
- چاودێریکردن واتا پرۆبەیشن
- تیمی سەرپێچی کردنی گەنجان
- فەرمانگە گشتیەکانی تر
- هاوبەشەکانی کەرتی خۆبەخشی [بۆ نموونە ڕێکخراوەکانی، لیوەی، نیو ڕۆوتس، بریج+ ، ئینگڵیش+ ، ئەکسێس، گایرۆس، ئەنجومەنی پەنابەران، خاچی سوور، پۆرت وێڵفەیر و خزمەتگوزارییەکانی ئایینی
- باڵوێزخانەکان، کونسوڵگەرییەکان و بەرپرسانی وڵاتانی تر کە ئەمە پێویست بێت
- دابینکەرانی کارتەکانی پێشەکی پارەی دراوە
- دابینکەرانی گواستنەوە/ پەیوەندی کۆمیونیتی
- ئەندامە هەڵبژێردراوەکان و ئەندامانی پەرلەمان (وەك نوێنەری تۆ)
- دامەزراوەکانی کۆمەکی دارایی

زانیارییە کەسییەکانت دەتوانرێت هەروەها بدرێت بە لایەنێکی سێیەم کە گرێبەستی هەیە لەگەڵ ئەنجومەنی شارەوانی بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەك بۆ ئەنجومەنی شارەوانی یان ڕاستەوخۆ بۆ تۆ. بۆ نموونە، بەڵێندەرکانی کە زانیاریی تەکنۆلۆژی دەدەن بە ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکە. ئەم دابینکەرانەی خزمەتگوزاری ناسراون بە بەکارهێنەری داتا و مافی یاساییان هەیە بەپێ ڕێسای پاراستنی داتای گشتی و لەسەر ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکە پێویستە کە چاودێری و پارێزگاری بکات لەزانیارییە کەسییەکان وە تەنها بۆ پێشکەش کردنی ئەو خزمەتگوزارییە بەکاری بهێنێت.

8. ئایا ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکە بۆ ماوەی چەند زانیارییەکان دەپارێزێت لای خۆی؟

ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکە زانیارییە کەسییەکانت لای خۆی دەپارێزێت تەنها بۆ ئەو ماوەیەی کە پێویستە بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی کە ئێمە کۆمان کردۆتەوە لەپێناوی، لەوانەش بۆ مەبەستەکانی قایلکردنی هەر مەرجێکی یاسایی، ژمێریاری، یان ئامادەکردنی ڕاپۆرت.

لە هەندێك بارودۆخدا ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکە ڕەنگە زانیارییە کەسییەکانت نەناسراو بکات واتا وا بکات نەناسرێیتەوە بۆ ئەوەی هیچی تر پەیوەندی بە تووە نەمێنێت، لەوکاتەدا ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکە ڕەنگە ئەم جۆرە زانیاریە بەکاربێنێت بەبێ ئاگادارکردنەوەی زیاتری تۆ.

لە کاتێکدا کە تۆ هیچی تر پێویستیت بە خزمەتگوزارییەکان نەبێت، ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکە زانیارییە کەسییەکانت لای خۆی گل دەداتەوە و دواتر بە شێوەیەکی سەلامەت زانیارییەکان لەناو دەبات بەپێی خشتەی کاتی گلدانەوەی زانیاری

9. ئایا زانیارییەکان چۆن کۆگا هەڵدەگیرێن؟

زانیارییەکان بەشێوەیەکی ئەلکترۆنی هەڵدەگیرێن و دەپارێزرێن لەسەر سیستەمی لیکوید لۆجیکی گەوران؛ سیستەمی لیکوید لۆجیکی منداڵان، سیستەمی یارمەتیی زووی لیکوید لۆجیك، داتای نیشتمانی و هەندێك زانیاری پێکەوە دەبەستێتەوە کە لەسەر فایلێکی کاغەز هەڵدەگیرێن.

10. ئایا ئەم زانیارییە دەگوێزرێتەوە بۆ وڵاتانی تر؟

ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکە بەشێوەیەکی ڕۆتینی زانیارییەکانت ناگوێزێتەوە بۆ وڵاتانی تری دەرەوەی ناوچەی ئابووری ئەورووپا بەڵام، ئەگەر ئەوە پێویست بوو بکرێت بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەکت پێشکەش بکرێت یان پارێزگاریکردن لە کەسانی تر، ئێمە پارێزگاریکردنی تەواو زامن دەکەین پێش ئەوەی زانیارییەکان بگوێزرێنەوە.

11. ئایا ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بریار دەدات دەربارەی تۆ؟

ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بریار نادات دەربارەی تۆ و خێزانەکەت

**12. بەرپرسیارێتی تۆ بۆ ئاگادارکردنەوەی ئێمە دەربارەی گۆڕانکارییەکان**

ئەوە گرنگە کە ئەو زانیارییە کەسیانەی هەڵیان دەگرێت دەربارەی تۆ ڕاست و دروست و زانیاری ئێستا بن.

تکایە ئاگادارمان بکەوە ئەگەر زانیارییە کەسییەکانت گۆڕانکاری بەسەردا بێت لەوکاتەی کە پەیوەندیت لەگەڵ ئێمە هەیە . تۆ دەتوانیت یارمەتیمان بدەیت لەم بابەتە بە:

- بە کارمەندی سۆشیاڵەکەت بڵێیت کاتێك کە هەر وردەکارییەکی زانیاری دەربارەی تۆ بگۆڕێت؛ وە
- بە کارمەندی سۆشیاڵەکەت بڵێیت ئەگەر هەر کام لەو زانیاریانەی هەڵی دەگرین دەربارەی تۆ هەڵەن

13. مافەکانت بەپێی ڕێسای پاراستنی داتای گشتی **GDPR**

تۆ ئەم مافانەی خوارەوەت هەیە(بەڵام ئەوانە شیاو نین بۆ هەموو بارودۆخێك). تۆ مافت هەیە بۆ ئەوەی:

- ئاگادار بکرێیتەوە دەربارەی کارپێکردن بە زانیارییە کەسییەکانت. ئەمە لەبەرئەوەیە تۆ ئەم بەڵگەنامەت پێدراوە.
- زانیارییە کەسییەکانت ڕاست بکرێنەوە ئەگەر ناڕاست بوون واتا هەڵە بوون وە زانیارییە ناتەواوەکان تەواو بکرێن
- ڕێگە نەدەیت لە کارپێکردن بە داتا کەسییەکانت و
- سنوورێك دابنێیت بۆ کارپێکردن بە زانیارییە کەسییەکانت
- داتا کەسییەکانت بسڕێنەوە ("مافت هەیە بۆ ئەوەی لەبیربکرێن"). ئەم مافە چەندی سنوورێکی بۆ دانراوە کە زیاتر گفتوگۆی لەسەر دەکرێت لەگەڵت ئەگەر ویستت ئەم مافە بەکاربێنیت

- زانیارییە کەسییەکانت بجووڵێنی، کۆپی بکەیت یان بگوێزیتەوە ("ئاسانی گواستنەوەی داتا") لە هەندێک بارودۆخدا.
- داوابکەیت دەستت بگات بە زانیارییە کەسییەکانت و زانیاری دەربارەی چۆن ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکە کاری پێدەکات.
- لە هەرکاتێکدا هەر ڕەزامەندیەکی داوتە بکشێنیتەوە بۆ دەستگەیشتن بە داتا کەسییەکانت.

ئەگەر دەتەوێت ئەم مافانە پیادە بکەیت، تکایە پەیوەندی بکە بە تیمی پابەندبوون بە زانیارییەکان بە ڕێگای:

- ناردنی ئیمەیل بۆ: information.management@norfolk.gov.uk
- نامەنووسین بۆ: تیمی پابەندبوون بە زانیارییەکان Information Compliance Team, Norfolk County Council, County Hall, Martineau Lane, Norwich NR1 2UA

14. پرسیارەکان یان سکاڵاکان

ئەگەر هەر پرسیارێکت هەبوو دەربارەی ئەم ئاگادارینامەی تایبەتمەندییە یان ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکە چۆن کار بە زانیارییە کەسییەکانت دەکات، تۆ دەتوانیت نامە بنووسیت بۆ DPO, Norfolk County Council, County Hall, Martineau Lane, Norwich NR1 2DHیان ئیمەیل بنێریت بۆ dpo@norfolk.gov.uk

تۆ هەروەها مافت هەیە بۆ ئەوەی لە هەر کاتێکدا سکاڵایەك بکەیت بۆ ئۆفیسی کۆمسیۆنی زانیارییەکان ((ICO، فەرمانگەی سەرپەرشتیاری بابەتی پاراستنی داتاکانە لە بەریتانیا. ئۆفیسی ICO دەتوانرێت پەیوەندی پێوەبکرێت:

- بە نامە نووسین بۆ ICO, Wycliffe House, Water Lane, Wilmslow, Cheshire SK9 5AF
- بە تەلەفۆن بۆ ژمارە 0303 123 1113
- بەڕێگای ئۆنلاین لە ماڵپەڕیhttps://ico.org.uk/global/contact-us/

15. **گۆڕانکاری بۆ ئەم ئاگادارینامەی تایبەتمەندییە**

ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکە ئەم ئاگادارینامەی تایبەتمەندیە دەپارێزێت بەپێی پێداچوونەوەی بەردەوام و ئاگادارینامەی تایبەتمەندی نوێت پێشکەش دەکات کاتێك هەر نوێکردنەوەیەکی هەستپێکراو و گەورە بکرێت. ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەکە ڕەنگە هەروەها ئاگادارت بکاتەوە بە ڕێگای تر لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەربارەی کارپێکردنی زانیارییە کەسییەکانت.

ئەم ئاگادارینامەیە دوا نوێکردنەوە بوو لە مانگی فێبریوەری 2020.

ئەگەر ئەم بەڵگەنامەیەت دەوێت بە پیتی چاپی گەورە، بە شێوازی دەنگی، بە نووسینی نابینایان، شێوازێکی جێگرەوە یان بە زمانێکی جیاواز، تکایە پەیوەندی بکە بە ناوەندی خزمەتگوزاری هاوڵاتیان بە ژمارە 0344 800 8020 یان تێکستفۆن: 0344 800 8011 وە ئێمە باشترین هەوڵدەدەین بۆ یارمەتیدانت.

IN TRAN communication for all